# یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

راپۆرتێک لەبارەی:

# کێشە و گرفتەکانی کانەکانی چەو و لم لەسەر روباری سیروان

15/9/2020

# ناوەڕۆک


| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
| --- | --- |
| ٢ | پێشەکی |
| بەشی یەکەم: ڕاپۆرت | |
| ٢ | ١. مۆڵەتی کارکردن |
| ٣ | ٢. مەرجەکانی هەڵکەوتەی شوێنی کانی چەو و لم لە سەر ڕوباری سیروان |
| ٥ | ٣. گرفتەکان |
| ٥ | یەکەم: چی لەسەر ڕوباری سیروان دەگوزەرێت و ئەو کێشانەی کانەکان دروستیان کردوە چین؟ |
| ١٠ | دوەم: کەموکورتیەکان |
| ١٣ | ٤. چارەسەر |
| ١٥ | ٥. گرنگی سەرمایەی کارگەکانی چەو و لم |
| | بەشی دوەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان |
| ١٧ | دەرەنجام |
| ١٨ | ڕاسپاردەکان |
| | بەشی سێیەم |
| ٢٠ | ناساندن |

## پێشەکی

لە سنوری گەرمیان چەندین سامانی سروشتی هەیە لەنێویاندا کانەکان کە ئەوانیش خۆیان دەبیننەوە لە کانەکانی: (چەو و لم، تێکەڵە، گەچ و بەرد).

ئەم راپۆرتە تایبەتکراوە بە کارەکانی کانەکانی چەو و لم (غەسالە)ی سەر روباری سیروان لەروی ئەو گرفتە ژینگەییانەی بەهۆی دەرهێنانیان بە نازانستی دروستبون لەگەڵ ئەو پێشێلکاریانەی لە روی دەرهێنانی ئەم مادە سروشتیە دەکرێت، بەشێوەیەک چالاکوانانی ناوچەکە دەنگی ناڕەزایەتیان بەرزکردەوە لە هەمبەر مەترسی لەسەر روبارەکە و زەنگی وێرانبونیان لێدا.

لێرەدا گرفتەکانی تێکدانی روبارەکەو کەموکورتیەکان و کەمتەرخەمیەکان و گرفتە یاساییەکان و چارەسەرەکان دەخەینە رو، لە روی زانستیشەوە پێشلکارییەکان دەپێوین.

هاوکات باسی گرنگی ئەم مادە سروشتیە دەکەین لە روی داهاتەوە بۆ گەرمیان و خاوەن کارگەکانیش قسەیان لەسەر کێشەکە هەیە.

هەروەک باسێک لە شێوازی مۆڵەتپێدان دەکەین بۆ ئەوەی رونببێتەوە چۆن مۆڵەت بۆ کارەکە وەردەگیرێت.

### بەشی یەکەم: راپۆرت

### ١. مۆڵەتی کارکردن

مۆڵەتی کارکردن بۆ کانەکانی سەر روباری سیروان ساڵانە نوێدەکرێتەوە و ژمارەکەی کەم و زیاد دەکات، بۆ ئەمساڵ لە گەرمیان ٤٠ کان (غەسالە) بەدرێژایی روبارەکە لە سنورەکە کاردەکەن.

بە پێی یاسای رێکخستنی وەبەرهێنانی کانزایی ژمارە ٩١ ساڵی ١٩٨٨ رێکارەکانی مۆڵەتپێدان و چاودێریکردنی کانەکان دیاری کراوە.

| غەسالەکانی سەر روباری سیروان لە بە درێژایی روبارەکە لەسنوری گەرمیان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شوێن | ناحیەی مەیدان | ناحیەی پێباز | قەزای کەلار | ناحیەی قۆرەتو |
| ژمارە | ٨ | ٨ | ١٣ | ١١ |

ئەو کەسەی خواستی هەبێت لە شوێنێکی سەر روبارەکە کاربکات بۆ وەبەرهێنانی چەو و لم، نوسراو ئاراستەی یەکەی ئیدارەی قەزا یاخود ناحیەکە دەکات لە سنوری شوێنەکە.

دواتر داواکە لە یەکە کارگێڕییەکەوە دەچێتە ئیدارەی گەرمیان، ئەویش نوسراو ئاراستەی هەریەکە لە بەڕێوبەرایەتیەکانی: نەوت و کانزاکان، کشتوکاڵ، ئاودێری، رێگاوبان، ئاوی دەوروبەری گەرمیان، شوێنەوار و کارەبا دەکات، کە ئەمانە رەزامەندیان دا ئەوکات لیژنەی پشکنین "کەشف" بۆ شوێنەکە پێکدەهێندرێت.

لیژنەی دیکەش پێکهاتون لە: ئیدارەی گەرمیان، یەکەی ئیدارەی سنوری پارچە زەویەکە، نەوت و کانزاکانی گەرمیان و کشتوکاڵ.

هاوکات فەرمانگەی ژینگە و بەڕێوبەرایەتی دارستان و پاوان، دوای دیاریکردنی ئەو شوێنە لەلایەن لیژنەکەوە نوسراویان ئاراستە دەکرێت، بۆ ئەوەی چاودێری ئەو کانە بکەن بە میکانیزمەکانی خۆیان.

هونەر مەحمود، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دارستان و پاوانی گەرمیان، دەڵێت: ئێمە لە کەشفی سەرەتا و کۆتایی غەسالەکان نین، ئەمەش بە نەنگی دەبینێت.

## ٢. مەرجەکانی هەڵکەوتەی شوێنی کانی چەو و لم لە سەر روباری سیروان

ئەو مەرجانەی کە دیاریکراوە بۆ مۆڵەتپێدانی کانەکانی سەر روباری سیروان، بەوتەی بەڕێوبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان مەرجەکان نەگۆڕن و هیچ کەسێک بەدەر لەو مەرجانە شوێنی پێنەدراوە.

یادگار فەتاح، بەڕێوبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان، وتی: بۆ دیاریکردنی شوێنی کانەکان دەبێت لە رێڕەوی سیروان دور بێت و کاریگەری نەبێت لەسەر گۆڕینی، لە دارستان و پاوان دور بێت، لەگەڵ ١کم دور بێت لە رێگای سەرەکیەوە و (١٥٠٠) مەتر دوربێت لە پردەوە، هەروەک کاریگەریی لەسەر شوێنەوار نەبێت.

بۆ دیاریکردنی شوێن خاوەن کانەکانی چەو و لم خۆیان داوای شوێنێک دەکەن، بەڵام ئەگەر ئەو لیژنەیەی کە سەردانی شوێنەکە دەکەن رەزامەند نەبێت، شوێنەکەی دەگۆڕن.

یادگار فەتاح، لەبارەیەوە جەختیکردەوە چەندین داواکاری مۆڵەت هەبوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو شوێنە مەرجەکانی تێدا نەبوەو رەتیان کردوەتەوە.



## ٣. گرفتەکان

### یەکەم: چی لەسەر روباری سیروان دەگوزەرێت و ئەو کێشانەی کانەکان دروستیان کردوە چین؟

#### ا. روباری سیروان تا ئاستی لەناوچون بوە بە وێرانە

"بەڵێ_بۆ_لابردنی_غەسالەکانی_سەر_روباری_سیروان"، ئەو هاشتاگەیە کە چالاکوانانی گەرمیان دایان بە گوێی بەرپرسانی سنورەکە تاوەکو روبارەکە بگەڕێننەوە بۆ سروشتە راستەقینەکەی خۆی.

سۆران نەریمان، چالاکوان و یەکێک لە ئەندامانی رێکخەری کەمپینەکە، ئاماژەی بەوەدا کە ئامانجی ئەوان ئەوەیە سروشتی جوانی روباری سیروان بگەڕێنرێتەوە.

چالاکوانان لە کەمپینەکانیان باسیان لەوەکردبو تا ئاستی لەناوچون وێرانکاری کراوە لەلایەن ئەو غەسالانەوە.

لەیلا ئەحمەد، چالاکوان و ئەندامێکی کەمپینەکە، ئەوەی خستەڕو ئەو کارگانە ژینگەی روبارەکەیان بەتەواوی تێکداوە و شوێنە سەوزایەکانی سەر روبارەکەیان تا ئاستی لەناوچون بوە بە وێرانە و بەردەڵان و گۆمی قوڵ.

#### ب. گۆڕینی رێڕەوی روباری سیروان

پسپۆڕێکی جوگرافیا ئاشکرای دەکات کە کارکردنی دەیانساڵەی کانەکانی چەو و لم لەسەر روباری سیروان رێرەوی روبارەکەی گۆڕیوە، نەبونی یاسایی تایبەتیش بە رێرەوی روبارەکان بە هۆکار دەزانێت بۆ بەردەوامی ئەم کێشەیە، خاوەن کانەکانیش رەتی دەکەنەوە ئەوان هۆکاربن.

"لە درێژایی کەمتر لە ١٠٠کم بونی ٢٧ کارگە، لە نێوان قەزای کەلار و دەربەندیخان، شتێکی زۆر سەیرە و کاریگەری زۆر لە سەر رێڕەوی روبارەکە دروست بوە"، د.عەبدولمتەلیب رەفعەت، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان وادەڵێت.

لایخۆیانەوە خاوەن غەسالەکان رەتی دەکەنەوە ئەوان هۆکاری گۆڕینی رێرەوی روبارەکە بن.

ئەحمەد محەمەد، خاوەنی کارگەی چەو و لمی هەڵمەت، وتی: ئەو کەسانەی کە ئەڵێن رێڕەوی روباری سیروان گۆڕاوە با بێن پێمان بڵێن لەو شوێنە گۆڕاوە بەهۆی ئەم کانانەوە.

بەهەمان شێوە، عومەر قادر ئەحمەد، خاوەنی کارگەی چەو و لمی (سیروان)، دەڵێت: گۆڕانی رێڕەوی روباری سیروان لە دەستی ئێمە نیە، چونکە خۆی زۆرجار کەم و زیاد دەکات و رێڕەوەکە دەگۆڕێت.

ئەو خۆشیان بە "بێتاوان" نازانێت لەم پرسەدا و وتی: ناڵێم ئێمە بێتاوانین و دەستکاریمان نەکردوە، بەڵام چاودێری دەکرێن لەلایەن (ودارستان و پاوان، ژینگە و کشتوکاڵەوە)، هەر کەسێک سەرپێچی کردبێت دو قات سزای مادی دراوە.

عەبدولمتەڵیب رەفعەت، پسپۆری بواری جوگرافیا، رەتی دەکاتەوە هەڵکەوتەی روبارەکە هۆکاری گۆڕینی رێڕەوەکەی بێت، نمونەی ئەوەشی هێنایەوە "ئەگەر سەیری ئەو تەپۆڵکانە بکەین کە بە درێژایی روبارەکە لە بەرد و جەرمود دروستیان کردوە، هەموی لە رێڕەوی روبارەکە دەرهێنراوە، ئەمە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر کارە نایاسایی و نازانستیەکانی ئەو کارگانە، ئیتر پێویست ناکات بڵێن هەڵکەوتەی روبارەکە وایە، بە پێچەوانەوە هەڵکەوتەی روبارەکە زۆر بێ عەیبە".

ئەو مامۆستایەی زانکۆ، نەبونی یاسایەکی تایبەت بە (پاراستنی رێڕەوە ئاوییەکان) لە هەرێمی کوردستان بەهۆکاری ئەم گرفتە دەزانێت.

**ج. تێکدانی ژینگە و بڕینەوەی دار**

بڕینەوەی دار و تێکدانی ژینگەی سەوزایی لە سەر روبارەکە دەخرێتە ئەستۆی کانەکانی چەو ولم، ئەوانیش دەڵێن لافاوەکەی ساڵی ٢٠١٨ هۆکاری بردنی دارەکانی سەر روبارەکە بوە.

هەڵمەت ئەحمەد، ئاماژەی بەوەکرد: ئەو وێنانەی بڵاوکراونەتەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ئێمە بەتاوانبار دەزانن لە نەمانی سەوزایی و دار لەو شوێنانە، هیچ راست نین، بەڵکو لافاوی ساڵی ٢٠١٨ وایلێکردوە و چەندین کەس هەیە شاهێد بوە، تەنانەت فەرمانگەی ژینگە بە لیژنە هاتوە سەردانی کردوە، ئەگەر دەستی ئێمەی تیا بوایە لێپێچینەوە دەکرا.

لە بەرامبەردا بەڕێوبەرایەتیەکانی (دارستان و پاوان) و (پۆلیسی دارستان و ژینگە) جەخت لە سەرپێچی خاوەن غەسالەکان دەکەنەوە و باس لەسزاکانیان بە پێبژاردن "غرامة" دەکەنەوە.

سەرکەوت رەحیم، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان، جەختی لەوەکردەوە کە ساڵانە بەوهۆیەوە چەندین کەسیان دەستگیرکردوە لە کاتی بڕینەوەی دار لە سنوری غەسالەکان، بەڵام ئەو باسی گرفتی کەمی کارمەندەکانیان دەکات کە رێگرە وردتر کاربکەن ئەگەرچی دڵنیایی ئەوەشی دا درێخیان نەکردوە.

هاوکات، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری دارستان و پاوانی گەرمیان، باسی لەوەکرد کە چەندین کەسی کانەکانی سەر روباری سیروان براوەتە دادگا بەهۆی بڕینەوەی دار.



**د. کانەکانی چەو و لم  تاچەند هۆکاری خنکانن لە روباری سیروان؟**

دروستکردنی گۆمی قوڵ لەلایەن غەسالەکان لەسەر روباری سیروان، بەهۆکاری خنکانی گەنجان و هاوڵاتیانی سنورەکە باس دەکرێت.

بە پێی یاسا دەبێت دوای کارکردنیان لەو شوێنە چاڵەکان ٥٠٪ پڕبکەنەوە، بەڵام (هەڵمەت ئەحمەد)، کە خاوەنی غەسالەیە، دەڵێت: لەو شوێنانەی کە مەواد هەڵدەگرین چاڵەکان پێویستمان پێی ئەبێت بۆیە پری ناکەینەوە، کاتێک لافاو دێت پڕ ئەبێتەوە و دیسان کاری تێدا دەکەینەوە.

هەڤاڵ حەمید، کە خاوەنی غەسالەیەکی دیکەیە، جەختی کردەوە ئەمساڵ هیچ یەکێک لەو کەسانەی خنکاوە لە روبارەکە نزیک بە شوێنی غەسالەکان نەبوە.

دڵنیایی ئەوەشی دا ئەوان بە پێی یاسا بۆیان نیە هێندە ئەو شوێنە قوڵبکەن کە ببێتە هۆکاری ئەوەی دواتر کارەساتی لێبکەوێتەوە، چونکە وەکخۆی وتی: ئەگەر باس لە خنکان لە گۆمەکان بکەن ئەوە کەس لە گۆمدا ناخنکێت و دەتوانرێت بە ئاسانی رزگار بکرێت.

بەڕێوبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان، یادگار فەتاح، دڵنیایی ئەوەی دا لە ساڵی ٢٠١٥ـەوە کە ئەو لە بەڕێوبەرایەتیە بوە، هیچ کەسێک بەهۆی قوڵکردنی کانەکانی چەولم لەسەر روبارەکە نەخنکاوە.

وتیشی: بە پلان دەستمان بە پڕکردنەوەی چاڵە کۆنەکانیش کردوە کە کانەکان لە ساڵانی رابردو دروستیان کردوە پڕیان کردوەتەوە.

**هـ. پیسبونی ئاو و دروستبونی مەترسی لەسەر ئاوی ژێر زەوی**

لەکاتی کارکردن کانەکان دەبنە هۆی زیادبونی لیڵی ئاوی روبارەکە رێژەی ترتی ئاو (Total Hardness) زیاد دەکات کە کاریگەری لە سەر تەندروستی هەیە، بەهۆی سەرپێچیەکان لە دەرهێنانی لم راستەوخۆ لە ناو سیروان ئاوی ژێر زەوی دەخاتە مەترسی رۆشتن لە گەڵ ئاوی روبارەکە.

د.عەبدولمتەلیب رەفعەت، پسپۆری ژینگە و جوگرافیا و مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، لە بارەی کاریگەریەکانەوە وتی: کاریگەری لە سەر روەک، تەندروستی، خواردنەوە، مەلەکردن و زیندەوەران هەیە، چونکە لیڵی رێگر دەبێت لە تیشکی خۆر کە بگاتە قوڵایی ئاوەکە و رێژەی ئۆکسجینی تەواو لە ناو ئاوەکە کەم دەبێتەوە، ئەمەش کاریگەری لە سەر زیندەوەرانی نێو ئاوەکە دەبێت.

بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار، دەڵێت: ئێمە تەنها دەسەڵاتمان بەسەر ئەو شوێنانە هەیە کە نزیک بن لە حەوز و پاڵاوگەکانمان لەسەر روباری سیروان.

سامان رەحیم، بەڕێوبەری ئاوی کەلار، ئاماژەی بەوەشکرد: تەنها یەک کان کاریگەری هەبوە لەسەر ئاوی کەلار لە ساڵی ٢٠١٦ داخستنیان بۆ کردوە.

لە ڕووی زانستیەوە رەوتی پێچەوانە (Reverse Flow) حاڵەتێکە کە ئاوی ژێر زەوی پێچەوانە دەبێتەوە بەرەو رێڕەوی روبار و بەوەش سامانێکی بەنرخ بۆ داهاتو لە ناودەچێت.

لەباری رودانی ئەم حاڵەتەوە (د.عبدولمتەڵیب) وتی: کارگەکان بە بەردەوامی کار لە سەر قوڵترکردنی روبارەکە دەکەن، لەبەر ئەوەی روبارەکان سەرچاوەی سەرەکی راگرتنی ئاستی ئاوی ژێر زەوین، بەڵام کاتێ رێڕەوی روبارەکە قوڵ دەبێتەوە ئاوی ژێر زەوی دادەبەزێت و بەرەو رێڕەوی روبارەکە دەچێت.

کەمی فەرمانبەر و دیار نەبونی شوێنی دەرهێنانی لم لەناو روبارەکە گرفتە لەبەردەم سزادانی سەرپێچیکارەکانیدا.

یادگار فەتاح، دڵنیایی ئەوەی دا کە سەرپەرشتیارە جیلۆجیەکان بەشی زۆریان بەوردی بەدواداچون بۆ سەرپێچیەکان دەکەن، ئەوانەشی چالاک نەبون دەیانگۆڕین، بەڵام بۆ ئەو هەڵگرتنەوەی لم لە ناو روبارەکە هەندێکجار ئاسەوارەکانی دیارنین لەگەڵ ئەوەشدا سزای قورسی ئەوانە دراوە کە ئەو کارەیان کردوە یان سەرپێچی زیادەڕەوەی دیکە بە ئاسانی سەرپەرشتیارەکان دەزانن.





## دووەم: کەموکورتیەکان

### ا. سەرپێچیکاران دوبارە مۆڵەتیان پێدەدرێتەوە

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان، لە (٥) ساڵ دا (٨٧) کان سزا دراون، بەمشێوەیەی لایخوارەوە:

| ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|
| ١٨ | ٥ | ١٧ | ٣٤ | ١٣ |

به پێی یاسایی ژمارە (٩١ ساڵی ١٩٨٨)ی وەبەرهێنانی کانزایی، بۆ سەرپێچیکار تەنها پێبژاردنی دیاریکردوە لە کاتی دوبارە کردنەوەی سەرپێچیەکەشدا، بەڵام لەو گرێبەستەی کە لەنێوان وەبەرهێن و ئیدارەی گەرمیان بۆ کانەکان دەکرێت لە خاڵێکیدا ئاماژە بەوەکراوە لەکاتی دوبارەکردنەوەی سەرپێچی گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە و کارەکانی رادەگیرێت.

یادگار فەتاح، تیشکی خستەسەر ئەوەی کە بەهۆی کۆنی یاساکەوە گرفتیان بۆ دروستبوە بۆیە لەوەزارەتی سامانە سروشتیەکان باسیان لە هەموارکردنی رەشنوسی یاساکە کردوە.

وتیشی: لەسەر ئاستی گەرمیان چەند رێنماییەکمان دەرکردوە بۆ کەمکردنەوەی حاڵەتێکی لەو شێوە بەنمونەش هەمانە کە ناچاربوین لەرێگەی هێزی ئەمنیەوە دەست بە سەر کەرەستەکانیاندا بگرین، بەهۆی یاساکەوە تەنها بە رێنمایی دەتوانین رێگری بکەین، بەڵام بۆ دوبارە مۆڵەتپێدانیان ناتوانین رێگری بکەین.

بۆ دارستان و پاوانیش هەمان گرفت هەیە، یاسای ژمارە (١٠)ی دارستانی هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠١٢ پەرلەمانی کوردستان دەرکرا، باس لە جۆری سزاکان کراوە تایبەت بە برینەوەی دار و ژمارەی ئەو دارانەی کە دەبرێنەوە لەگەڵ بڕی پێبژاردن یاخود سزادانی دیکە.

هونەر مەحمود، دەڵێت: کارەکانی ئەوان بە یاسا رێکخراوە، بەڵام ٢ ساڵ و نیو لەگەڵ سەرپێچیکارێک چوینە دادگا کەچی کە حوکمەکەی بۆ دەرچو بەر لێخۆشبونی گشتی کەوت و سزا نەدرا.

### ب. کەمتەرخەمی لە بەدواداچون و سەرپێچی

چالاکوانان سەرپێچییەکان بە قەبارەی گەورە دەدەن لە قەڵەم و سزاکان بە لاواز لەبەرامبەری دەبینن.

سۆران نەریمان، دەڵێت: ئێمە بەدواداچونمان کردوە وەکپێویست یاساکان جێبەجێنەکراوە، سەرجەم لایەنەکان بە تاوانبار دەزانین و بەتەواوەتی چاودێری غەسالەکان نەکراوە.

زیاتری وت لەبارەیەوە: "چەندین سەرپێچی بە رونی کراوە تەنها بە برێکی کەم پارە پێبژاردنیان بۆ کراوە لە کاتێکدا ئەو سزا مادییە کەمە بۆ ئەوان".

لەبەرامبەردا، (یادگار فەتاح) بەڕێوبەری نەوت و کانزاکان و (سەرکەوت رەحیم) وتەبێژی پۆلیسی پاراستنی ژینگە و دارستانی گەرمیان، باسیان لە کەمی کارمەند کرد کە رێگرە لە بەدواداچونی زیاتریان، بەڵام دڵنیایی ئەوەشیان دا کە کەمتەرخەمیان نەکردوە بەرامبەر سەرپێچیکاران.

هەروەک (هەڤاڵ حەمید)، خاوەنن غەسالە، وتی: "لیژنەکانی نەوت و کانزاکان و سەرپەرشتیارە جیۆلۆجیەکان بە بەردەوامی دێنە سەر غەسالەکان، بەڵام نابێت تەڕ و وشک بەیەکەوە بسوتێنرێت، هەیە سەرپێچی دەکات سزای بۆ دیاریکراوە، ئەوانی دیکە بۆ باجی سەرپێچیکارەکانی دیکە بدەن؟ دەبێت دەزگاکانی دیکە بێن و بەدواداچون بکەن".

### ج. ئەو دارانەی سێبەرەکەیان دیار نیە!

ئەو کارگانەی چەو و لم کە  لەسەر روباری سیروان کاردەکەن ساڵانە بە پێی ئەو رێنمایانەی لە گەرمیان جێبەجێ دەکرێت، ١٠٠ بۆ ٢٠٠ دار دەدەنە فەرمانگەی ژینگە لە بری کارکردنیان.

ئەگەر لە کۆی ئەو ٤٠ کانەی لە سنوری گەرمیان کاردەکەن بەتەنها بۆ ئەمساڵ هەرکانێک ١٠٠ داری کڕیبێت، ژمارەکە دەکاتە (٤٠٠٠) چوار هەزار دار، پرسیاریش ئەوەیە ئەو دارانە دەکڕدرێن؟ یان کە دەکڕدرێت چیان لێدەکرێت؟ سێبەری ئەم دارانە لەکوێی گەرمیاندان؟

هەڤاڵ حەمید، خاوەنی کان دەڵێت: ئێمە دارەکان دەدەین بە ژینگەی گەرمیان، ئەوان دەسەڵاتیان هەیە بەسەریەوە.

لەبەرامبەردا و پاش چەندینجار پەیوەندی، بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان ئامادە نەبو نە لەبارەی ئەم بابەتە و نە کۆی پرسەکەوە، قسە بکات.

به پێی زانیاریەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، ئەو دارانە ساڵانە دابەشدەکرێت بەسەر فەرمانگە حکومیەکان و قوتابخانەکانی سنوری گەرمیان.

هونەر مەحمود، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دارستان و پاوانی گەرمیان، وتی: بڕیاری وەرگرتنی ١٠٠ دار پێشنیاری ئێمەبو لە رابردو کە ٥٠٠ دار بێت بەڵام کەم کرایەوە، بۆیە ئومێدمە ئەمجارەش بتوانین هەنگاوێکی باش لەم بابەتە بنێین.

## د. هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەرییە ژینگەییەکانی کانەکان ناکرێت

بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان ئامادەنیە رونکردنەوە بدات لەسەر پرسی تێکدانی ژینگە لە سەر روباری سیروان بە هۆی کانەکانی چەو و لمەوە، پسپۆرێکی ژینگەش دەڵێت "هەڵسەنگاندنی ژینگەی بۆ کانەکان ناکرێت".

دورەید سەلیم، بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، رایگەیاند: "تاوەکو بە شێوەیەکی فەرمی ئەو رێگە چارەو میکانیزمانەی خستومانەتەڕو بۆ کارکردنی کانەکان لە کۆبونەیەکی ئیدارەی گەرمیان بڕیاری لەسەر نەدرێت ئامادە نیم هیچ بڵێم لەسەر ئەم بابەتە"، بەبێ ئەوەی تەنانەت ئەوەش رون بکاتەوە کە ئەو "رێگەچارانەی" وەکخۆی باسی دەکات چین؟

ئەمە لە کاتێکدایە دەرهێنانی چەو و لم لە کانەکانی سەر روباری سیروان بە وتەی (عەبدولموتەلیب رەفعەت)، هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەی (EIA) بۆ ناکرێت.

هێمای بەوەشکرد، کە کاری سەرەکی ئەو فەرمانگەیە کە لایەنە خراپەکانی پرۆژەکان بخاتەڕو و کاریگەریان لە سەر ژینگە بە گشتی و تەندروستی مرۆڤ پێش پێدانی مۆڵەت بۆ ئەوەی ئەم کێشەیەی کە ئێستا هەیە دروست نەبێت.



## ٤. چارەسەر

### ا. هەمو دەزگا پەیوەندیدارەکان دەسەڵاتیان پێبدرێت و ئیدارەی گەرمیان سەرپەرشتی بکات

بونی پەرتەوازەیی و کەمتەرخەمی دەزگا پەیوەندیدارەکان کە خۆشیان دانی پێدادەنێن هۆکاری سەرەکی دروستبونی ئەم کێشەیەیە.

بەرێوبەری نەوت و کانزاکان دەڵێت: هەمو لایەک کەمتەرخەم بون، وەکپێویست بە ئەرکی خۆیان هەڵنەساون، ناکرێت ئەو هەمو ئەرکە لەسەر بەڕێوبەرایەتیەکی وەک ئێمە کۆبکرێتەوە، دەبێت هەر دەزگا و خۆی سەربەست بێت بۆ لیژنە و بەدواداچونی خۆی.

وتیشی: پێشنیاریان کردوە کە پەیوەندی نێوان دەزگاکان پتەوبکرێت و ئیدارەی گەرمیان و بەرپرسانی ئیدارەی قەزا و ناحیەکان رۆڵی گرنگتر بگێڕن وەک چاودێری دەزگاکان، ئەمەی دروستبوە لەئەنجامی کەمتەرخەمیە.

### ب. دانانی بەردشکێن "کەسارە"

لەکاتی دەرهێنانی چەو و لم، پاشماوەکەی کە بەردی قەبارە گەورەیە و پێی دوسترێت "جەرمود"، بە شێوەی گرد و تەپۆڵکە دەمێنێتەوە، ئەمەش سیمای روبارەکەی تێکدابو، لە ساڵی ٢٠١٩ـەوە بڕیاردراوە بەپلانێکی پێنج ساڵە هەمو خاوەن غەسالەکان بەردشکێن "کەسارە"بەکاربهێنن بۆ ئەوەی ئەو بەردە گەورانە بەکاربهێنرێنەوە.

خاوەن کانەکان باس لە گرفتێکی بەکارهێنانی جەرمودی شکێنراو دەکەن. (هەڤاڵ حەمید) وتی: ئێمە بۆ فرۆشتنی مەوادەکان، دەیبەینە پشکنین، بەڵام بەرهەمی کەسارە گرفتیان هەیە و لە پشکنین دەرناچن، دەبێت ئەو گرفتە بۆ ئێمە چارەسەر بکرێت ئەوکات ئێمەش دەتوانین بەکاری بهێنین.

یادگار فەتاح، لەبارەی گرفتی ساغنەبونەوەی بەرهەمی کەسارەکان، وتی: ئەمە دەبێت ئیدارەی سنورەکە چارەسەری بکات و بازاڕیان بۆ بکاتەوە، لەو روەوە پشتگیری خاوەن کانەکانین.

هەندێک لە کارگەکانی سەر روباری سیروان لە بری کەسارەی هاڕینی جەرمود، چەوهاڕ بەکاردێنن.

بەڕێوبەری نەوت و کانزاکان وتی: ئەوە بە پێی ئەو رێگەپێدانەی بۆی دەکەین پێکهاتەی تەپۆڵکەکە چیە، بەنمونە ئەگەر چەو بێت ئەوە دەبێت چەوهاڕ بەکاربهێنێت.

**ج. چەمە وەرزییەکان وەک شوێنگرەوەی سیروان**

لە گەرمیان بەدەر لەوەی روباری سیروان بەتەنیشت قەزای کەلاردا دەڕوات و کارگەکانی چەو و لم لەوێ کاردەکەن، چەمە وەرزیەکانیش شوێنێکی دیکەی دەستکەوتنی ئەم مادانەن، بەڵام خاوەن غەسالەکان بەمە رازی نین و دەڵێن مادەکانی چەمە وەرزیەکان بەکەڵکی کارەکەی ئێمە نایەت.

خاوەن غەسالەکانی سەر روباری سیروان بەوە رازیینین کارگەکانیان ببەنە چەمە وەرزیەکان، لەبارەیەوە (هەڤاڵ حەمید) دەڵێت: کارکردن لەو چەمانە بۆ ئێمە زەرەرە، چونکە مەوادەکەی سورە.

بەشی زۆری چەمە وەرزیەکان بە پێی شیکاری جیلۆجی، کۆمەڵێک گرفتی هەیە لە روی جۆری لمەکەی، بەوەی ئەستوریەکەی کەمە و گرفتی ئاویش یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکان.

یادگار فەتاح، ئەم گرفتە بەڕاست دەزانێت و دەڵێت: لمی سەر روباری سیروان باشترین جۆری لمە، بەڵام بە پلانێک ئەوەمان دەسفپێکردوە سەردان و پشکنینمان کردوە بۆ چەمەکان، بۆ کەمی ئەستوری ئەو چەمانە پلانمان هەیە روبەری پێدانی پارچە زەویەکان بۆ کانەکان زیادکەین.

**د. ئیدارەی گەرمیان: سروشتی سیروان شێوێندراوە و نامانەوێت کاری کارگەکانیش بوەستێت**

سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بە وەکالەت، ئاماژە بەوەدەکات کە سروشتی روباری سیروان شێوێندراوە، بەڵام کاردەکەن بۆ رێکخستنەوەی کاری کانەکان نەوەک کۆتایی پێهێنانیان.

جەلال شێخ نوری، باسی لەوەکرد: کۆمەڵێک پێشنیاریان بۆ هاتوە و گفتوگۆی لەسەر کراوە، بەڵام بڕیاری لەسەر نەدراوە.

وتیشی: ئیمە بەردەوامین لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، ئەگەرچی سروشتی روبارەکە شێوێندراوە، بەڵام نامانەوێت کۆتایی بەکاری کانەکان بهێنین و هەوڵی رێکخستنیان دەدەین.

## هـ. دەرهێنانی لم لە بەنداوەکان

(عەبدولموتەڵیب رەفعەت)، دەڵێت: لە هەمو وڵاتەکان نابێت چەو و لم لە روبارەکان دەربهێنرێن، چونکە (لم) بە تایبەتی (سەرچاوەیەکی سروشتی تازەنەکراوە)، پێشنیار دەکات کارئاسانی بۆ دەرهێنانی لم لە بەنداوەکان بکرێت کە سودی بۆ درێژبونی تەمەنی بەنداوەکانیش دەبێت.

لم لە ئەنجامی دەیان ساڵ کۆدەبێتەوە، لە کاتی لە دەستدانی بە ئاسانی دروست نابێتەوە و لە روی قەبارەی بەکارهێنانەوە (لم) دوای هەوا و ئاو دێت.

عەبدولموتەڵیب رەفعەت، پسپۆڕی ژینگەو جوگرافیا، بۆ لە ناونەچونی ئەم سامانە سروشتیە بە ئاسانی، پێشنیاردەکات بیر لەدەرهێنانی لم لە بەنداوەکان بکریتەوە "پێویستە حکومەت ئاسانکاریی بکات بۆ کارگەکان کە تەنها لم لە نێو بەنداوەکان دەربهێنن".

وتیشی: ئەم کارە لە زۆربەی وڵاتەکان پەیڕەو دەکرێت و کارێکی زۆر زانستی و بەسودە، چونکە بەنداوەکان پاککدەکرێتەوە لە قوڕ و لم و لیتە، ئەم کارەش هۆکارێکە بۆ زیادبونی تەمەنی بەنداوەکان، چونکە بەرزبونەوە قوڕ ولم و لیتە لە بەنداودا واتە تەواوبونی تەمەنی بەنداو.

گەرمیان خاوەنی یەک بەنداوەی تەواوکراوە کەبەنداوی باوەشاسوارە لە قەزای کفری، لەگەڵ بەنداوێک کە لە قۆناغی دروستکردندایە لە ناحیەی باوەنور.

## ٥. گرنگی سەرمایەی کارگەکانی چەو و لم

### ا. داهاتی کانەکانی چەو و لم

هەر کارگەیەکی چەو و لم کاتێک لەسەر روباری سیروان مۆڵەتی کارکردن وەردەگرێت، تێچوی نوێکردنەوەی مۆڵەتی ساڵانەی (٣ ملیۆن و ٧٥٠ هەزار) دینارە، بەدەر لە پارەی وەسڵ و رسومات.

واتە بۆ ئەمساڵ ٤٠ کانی چەو و لم مۆڵەتیان هەیە و بەهەموویانەوە ١٥٠ ملیۆن دیناریان لێوەرگیراوە.

یادگار فەتاح، لەبارەی ئەو داهاتەوە وتی: ساڵانی رابردو ٣٠٪ی ئەو داهاتە بۆ خەرجیەکانی بەڕێوبەرایەتی بو، بەڵام ئێستا نەماوە و هەموی دەچێتەوە وەزارەتی دارایی.

هەڤاڵ حەمید، نوێنەری خاوەن غەسالەکانی سەر روباری سیروان، لە بارەی باجی وەرگیراو لێیان وتی: ساڵانە سەروی یەک ملیۆن دینار وەک باج دەدەینە حکومەت بەدەر لە برە پارەکانی دیکە.

هاوکات بڕی ٣ملیۆن و ٧٥٠ دینار وەک پارەی دڵنیایی لێیان وەردەگیرێت.

**ب. غەسالەکان وەک سەرچاوەی هەرزانی مەوادەکانی خانوبەرە و هەلی کار لە گەرمیان**

بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیایی ناوچەی گەرمیان دەوڵەمەندە بە چەندین سامانی سروشتی لە نێویاندا کەرەستەکانی خانوبەرە. خاوەن غەسالەکان باس لە هەرزانی بەرهەمەکانی سەر روباری سیروان دەکەن.

هەڤاڵ حەمید، وتی: "لێرە یەک مەتر لم بە ٧ هەزارە، کەچی لە سلێمانی و ناوچەکانی دیکە دەچێتە نزیکەی ٢٠ هەزار".

وتیشی: بۆماوەی ١٠ رۆژ مانمان گرت، بینیمان نرخی یەک مەتر لم لە کەلار لە ٧ هەزارەکەوە گەشتە ١٤ هەزار.

هاوکات لە گەرمیان و کەلار بەهۆی ئەم سەرچاوە سروشتیەی چەو و لم لە ناوچەکە، بوەتە هۆکار بۆ دامەزراندنی کارگەکانی بلۆک، بەشێوەیەک کاریگەری تەواوی هەیە لە سەر ئەم مەوادەی خانوبەرە.

لەگەڵ ئەمانەشدا هەلی کاری لە سنورەکە بۆ چەندین کەس رەخساندوە بەشێوەیەک لە هەریەک لەو ٤٠ غەسالەی سەر روبارەکە (١٥ بۆ ٢٣) کار دەکەن.

ئەمە لەکاتێکدایە لە کەلارەوە چەو و لم دەنێردرێتە پارێزگای سلێمانی و ناوچەکانی خواروی عێراق.

**ج. گەشتوگوزار: غەسالەکان گرفتیان بۆ پرۆژەی گەشتیاری دروست نەکردوە**

گەشتوگوزاری گەرمیان دڵنیایی دەدات کە کارکردنی کانەکانی سەر روباری سیروان دورە لەو زەویانەی لە نەخشەی گەشتوگوزاری گەرمیانە.

پشتیوان عەبدولکەریم، بەرێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزاری گەرمیان، وتی: لە سنوری کارکردنی کارگەکانی چەو و لم لەسەر روباری سیروان، هیچ پارچە زەوییەکمان نیە.

وتیشی: هیچ پرۆژەیەکی دیزاینکراویشمان نیە لەو سنورە کە تێکدرابێت و کاری لەسەر بکەین.

## بەشی دووەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

### یەکەم: دەرەنجام

١. کارەکانی کارگەکانی چەو و لم لە روی یاساییەوە رێکخراوە، بەو مانایەی یاسایەکی تایبەتمەند هەیە کە ئەو کارەی دیارییکردوە بە بنەما و میکانیزمەکانی کە یاسای (رێکخستنی وەبەرهێنانی کانزایی ژمارە ٩١ ساڵی ١٩٨٨)ـە، بەڵام کێشەی ئەم یاسایە ئەوەیە کۆنە و پێویستی بە هەموار و نوێکردنەوە هەیە، بەشێوەیەک بگونجێت لەگەڵ کێشە و خواستەکانی پەیوەست بەم بوارە.

٢. کارەکانی ئەم کارگانە لە روی زانستیەوە نازانستین، تەنانەت بەرپرسە حکومیەکانیش جەخت لەم لایەنە دەکەنەوە، بەوەی مامەڵەکردنەکان لەگەڵ ئەم بوارە بە پلانی وردی دورودرێژ نەکراوە و پشتئەستور نیە بە بنەما زانستیەکان.

٣. کارگەکانی چەو و لم کە بە کانەکانی چەو و لمیش ناودەبرێن، رۆڵی زۆر و بەرچاویان هەبوە لە شێواندنی سروشتی روباری سیروان، چ لە روی سەوزایی و دار، چ لە روی مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوەکانی بەرهەمەکان دا، بەشێوەیەک وایکردوە ژینگەی روبارەکە بە رادەیەکی بەرچاو تێکبچێت و بشێوێت.

٤. ئەو رێوشوێنانەی کە هەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سەرپێچیەکاندا، بەشی پێویست تۆکمە و باش نین، بەوپێیەی تەنها پێبژاردن "غرامە" دەستنیشانکراوە، لەکاتێکدا سەرپێچیەکان لە زۆر باردا دوبارە دەبنەوە.

٥. ئەگەرچی بۆ پێدانی مۆڵەت لەم بوارەدا چەندین دەزگا داخل دەبن و مۆڵەت دەدەن، بەڵام هەست بەوەناکرێت هەماهەنگیەکی تەواو هەبێت لە نێوان دەزگاکان، بەڵکو ئەوەی هەست دەکرێت بەرپرسیارێتیەکە دەخرێتە ئەستۆی یەکتری و تەنها یەک دەزگای تایبەتمەندیش نیە بۆ ئەم پرسە و لێپێچینەوەی.

٦. بونی کارگەکان پێویست و گرنگن چ لە روی ئابورییەوە، چ لە روی هەلی کار و رەخساندنی دەرفەتی کارەکەوە، بەڵام هاوشانی ئەوەش پێویستی بە رێکخستنەوە هەیە، بەجۆرێک زیانی گشتی لێنەکەوێتەوە.

٧. هیچ هەوڵێکی جیدی نەدراوە بۆ رێکخستنەوە و ئەپدەیتکردنەوەی ئەم کەرتە، بەشێوەیەک دەیان ساڵە ئەم کارگانە بە یەک ریتم کار دەکەن و کارەکانیان نوێنەکراوەتەوە، هیچ هەڵسەنگاندێکی فەرمیش نەکراوە بۆ لایەنە باش و خراپەکانی ئەم کارە.

٨. حکومەت هەوڵی داوە هەندێک گۆڕانکاریی بکرێت لەم بوارە، وەکو پشت بەستن بە کارگەی بەردشکێن "کەسارە"، بەڵام بە وردی خوێندنەوە بۆ ئەم هەنگاوە نەکراوە لە ڕوی سود و زیانەکانی و هەروەها ئەوەی تاچەند بەرهەمەکانیان ساغ دەبنەوە.

٩. ئەگەرچی پسپۆڕان و شارەزایانی ئەکادیمی کاریان لەم بوارەدا کردوە، بەڵام گرنگیەکی ئەوتۆ بەو کارانەیان نەدراوە، رەنگە ئەمەش هۆکار بێت بۆ ئەوەی بەدواداچونی زیاتری ئەکادیمی لەم بوارەدا نەکرابێت.

١٠. ساڵانە بڕێک دار "نەمام" دەکڕدرێت لەلایەن کارگەکانی چەو و لمەوە و دەدرێت بە فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، بەڵام نازانرێت چ ئالیەتێک هەیە بۆ دابەشکردنی ئەم نەمامانە و ئەم بڕە زۆرەی نەمام کە دەکاتە هەزاران، نازانرێت چ سودێکی هەبوە؟

١١. خۆبواردنی بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان لە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە، گومانی زۆر دروست دەکات لەسەر جیدیەتی ئەو دەزگایە لەم پرسەدا، چونکە لەکاتێکدا هەمو لایەنەکان قسەیان لەمبارەیەوە کردوە، بەڵام فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان بە پاساوی ئەوەی "دوای تەواوبونی بڕیار و ڕێگەچارەکان قسە دەکات"، خۆی لە قسەکردن بواردوە، لەکاتێکدا ئەم کارە دژە بە بنەماکانی یاسای ڕۆژنامەگەری و هەروەها یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاریی.

### دوەم: ڕاسپاردەکان

١. پێویستە یاسای ڕێکخستنی وەبەرهێنانی کانزایی ژمارە ٩١ ساڵی ١٩٨٨ هەموار بکرێتەوە. ئەم یاسایە کۆنە و بۆ ئەم سەردەمە دەست نادات و دەرەقەتی کێشەکانی ئەم بوارە نایات، چ لە ڕوی مۆڵەتدانەوە بە کارگەکان، چ لە ڕوی بەدواداچونەوە، چ لە ڕوی سەرپێچی و سزاکانیشەوە.

بۆیە لەپێش هەمو کەسێکەوە پارلەمانتارانی ناوچەی گەرمیان، ئەرکیانە لەم بارەیەوە هەنگاوی پێویست بە هاوکاری حکومەتی خۆجێی گەرمیان و ئەنجومەنی وەزیران و حکومەتە خۆجێیەکانی دیکە بخەنەگەڕ.

٢. پێویستە ئەم بوارە بە پشت بەستن بە بنەما زانستیەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، مەترسی و لێکەوتە ژینگەیی و سروشتیەکانی رەچاو بکرێت لەگەڵ سود و زیانەکانی دا و ئەوەی بەرژەوەندی ناوچەکەی تێدایە بە پێشێلنەکردنی بنەما زانستیەکان، بیگیرێتەبەر. لەم روەشەوە وەرگرتنی را و بۆچونی کەسانی پسپۆڕ و ئەکادیمی زۆر گرنگ و پێویستە.

٣. پێشنیاز دەکەین حکومەتی خۆجێی سنورەکە لەبارەی ئەم پرسەوە، کۆنفرانس یان کۆبونەوەی بەرفراوان گرێبدات، کە تیایدا رای کەسانی پسپۆڕ و بەدواداچون و راپۆرتی ورد و زانستی بکرێنە پێوەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم کەرتە.

٤. پێویستە بواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەبارەی کاریگەری و لێکەوتەکانی ئەم کەرتە بەهێز بکرێت، دەتوانرێت لەمڕووەوە سود لە زانکۆی گەرمیان و توێژەر و کەسە ئەکادیمیەکانی وەربگیرێت، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە چ حکومەتی خۆجێی دەستپێشخەریی هەبێت، چ خودی زانکۆی گەرمیانیش.

٥. بەپێویستی دەزانین ئیدارەی گەرمیان لیژنەیەکی هەماهەنگیی لەنێوان فەرمانگە پەیوەندیدارەکان پێکبهێنێت بۆ ئەم کەرتە، بە ئامانجی چاودێریی زیاتر و ڕێکخستنەوەی ئەم بوارە بەشێوەیەکی تۆکمە و گونجاو. هەروەها لیژنەکە بڕیار و ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئەم بوارە و مامەڵەکردن لەگەڵ سەرپێچیەکان و دوبارە بونەوەیان.

٦. لە هەنگاوی مەودا کورت دا، پێویستە حکومەتی خۆجێی و دەزگاکانی، بەپشت بەستن بە بڕیارە دەستەجەمعیەکان، چارەسەری دیارترین کێشەکانی ئەم بوارە بکەن، بەشێوەیەک کە چاودێرییکردنیان بۆ تێکدانی سروشتی ڕوبارەکە و هەروەها ڕێگریکردن لە پیسکردنی ژینگەکەی چڕتر و زیاتر بکەن.

ئەمە جگە لەوەی دەتوانن فەرمانی پێویست لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ڕێکخستنەوەی ئەم بوارە دەربچوێنن، هەتا کاتی هەموارکردنەوەی یاسای تایبەتمەندی ئەم بوارە.

٧. پێویستە حکومەتی خۆجێی و دەزگاکانی، مامەڵەکردنی لەگەڵ پاشماوەکانی ئەو کانانە جیدیی تر بکات، بەشێوەیەک یان بتوانێت لە ڕێگەی دانانی کارگەی بەردشکێنەوە دوبارە بەکاریان بێتێتەوە، یان بۆ پرۆژە جیاوازەکانی سنورەکە پشتی پێببەستێت، یاخود بۆ دوبارە ڕێکخستنەوەی گۆم و ڕێڕەوی ڕوباری سیروان بەکاریان بێنێت.

هاوکات لە بەکارهێنانی ئەو پاشماوانە وەکو مادەی خاوی بواری بیناسازیی، هەوڵبدرێت کە بە شێوەیەکی باش و گونجاو بێت و هەروەها بەپێی ستانداردەکان بێت، ئەمە جگە لەوەش بازاڕی پێویستی بۆ بڕەخسێنرێت.

٨. حکومەتی خۆجێی سنورەکە کار بکات بۆ ئەوەی ئەو پارەیەی سالانە وەکو باج و ڕسومات لە کارگەکان وەردەگیرێت، بەشێکی تەرخان و تایبەت بکرێت بە پرۆژەی جیاواز لە بواری ژینگەدا بەتایبەتی لەو سنورەی کە کارگەکان کار دەکەن، بە ئامانجی بوژانەوەی ژینگەکەیان.

٩. پێویستە ئالیەتێکی ڕون هەبێت بۆ بەکارهێنانی ئەو نەمامانەی کە سالانە لە کارگەکان وەردەگیرێن و بڕەکەی ١٠٠ نەمامە بۆ هەر کارگەیەک، بەشێوەیەک پێشنیاز دەکەین کە نەمامەکان لە پرۆژەیەکی گشتگیردا بەکار بخرێن، لە نمونەی دروستکردنی دارستانی دەستکرد، یاخود بەکارهێنانی ئەو نەمامانە لە سەوزکردنی ئەو شوێنانەی کە لەناو شار و ناحیەکاندا دیارییکراون بەوەی شوێنی باخچە و پارک بن.

## بەشی سێیەم: ناساندن

### ١. ناساندنی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

*** ئامانجی یەکە**

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

*** کارەکانی یەکە**

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

*** بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە**

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٢. ناساندنی رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی ٩٩.٩ FM پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات.

هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەرییەکان دەکات و ڕەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، ڕادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی ڕۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی ڕۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## ٣. ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە ڕەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## ٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

١. ئەحمەد حەمید وەلی

٢. زریان محەمەد

٣. رێناس ساڵح

*** بۆ پەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ - ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

Radiodeng@yahoo.com yakaychawderigarmyan@gmail.com

www.radiodang.org